# كرێكارانی كوردی ئێزێدی له‌ به‌عشیقه‌و به‌حزان تاوانیان چی بوو

هاورێ سماقوڵی
hawresmaquly@hotmail.com



له‌ وه‌ته‌ی مرۆڤ هاتۆته‌ سه‌ر دونیاو زمانه‌كان دابه‌ش بوون پاشانیش ئاینه‌كان به‌سه‌ر نه‌ته‌وه‌كاندا دابه‌ش بوون وه‌ له‌و به‌شه‌یكه‌ به‌ر ئێمه‌ كه‌وتوه‌و ئێمه‌ی لێ نیشته‌جێین ناوی پیرۆزی كوردستانی پێ به‌خشراوه‌. له‌ ناو كوردستانیش چه‌ندین نه‌ته‌وه‌و دیانه‌ت هه‌یه‌ كه‌ مێژوێكی دێرینمان هه‌یه‌و سه‌دان ساڵه‌ به‌ یه‌كه‌وه‌ ژیان به‌سه‌ر ده‌به‌ین به‌ بێ ئه‌وه‌ی گچكه‌ ترین كێشه‌شمان هه‌بێت له‌ روی مه‌زهه‌بیه‌وه‌. به‌ڵام له‌ هه‌موو دونیا بگه‌رێیت هیچ میلله‌تێك وه‌ میلله‌تی كورد غه‌دری لێ نه‌كراوه‌و مافه‌ سروشتیه‌كانی پێشل نه‌كراوه‌ .

هه‌ر له‌ سه‌ره‌تای دروست بونی ده‌وڵه‌تی عێراقه‌وه‌ حكومه‌ته‌ دیكتاتۆرو فاشیسته‌ یه‌ك له‌ دوا یه‌كه‌كان زۆربه‌ی مافه‌كانی گه‌لی كورد و عه‌ره‌ب و توركومان و ئاشوری نه‌ته‌وه‌كانی تریان پێشێل كردوه‌ ته‌نانه‌ت رێزیان له‌ دیانه‌ته‌كانی ئیسلام و مه‌سیحی و ئێزێدی و كاكه‌ی و سائیبی و دیانه‌ته‌كانی تریش نه‌گرتوه‌ . هه‌روه‌ها دوژمنانمان هه‌وڵی زۆریان داوه‌ تۆی دووبه‌ره‌كی له‌ ناوماندا بچێنن و ریزه‌كانمان تێك بده‌ن و بمان كه‌ن به‌ دوژمنی یه‌كتری بۆ ئه‌وه‌ی به‌ ئامانجه‌كانی خۆمان نه‌گه‌ین. چونكه‌ ئامانجی هه‌موو خه‌ڵكی كوردستان یه‌ك ریزیوو ته‌بایی و برایه‌تیه‌ هه‌ر ئه‌و برایه‌تیه‌ شه‌ ئامانجه‌كانمان دێنێته‌ دی بۆ دروست بونی ده‌وڵه‌تی كوردی.

ئێمه‌ی كورد ده‌یان ساڵه‌ ده‌سوتێین و ده‌برژێین چ جۆره‌ ره‌فتارێكیش نه‌ما كه‌ دوژمنانمان خۆیان پێمان تاقی نه‌كه‌نه‌وه‌. هه‌ر له‌ ته‌عریب كردنی خه‌ڵكی كوردستان و روخاندنی شارو شارۆچكه‌كان و گونده‌كانی كوردستان و كوشتن و زیندانی كردن وئه‌نفال و كیمیاباران كردن و بۆردومان كردن به‌ هه‌موو جۆره‌ چه‌كێك و ته‌قاندنه‌وه‌ ئه‌وانه‌ هه‌مووی ره‌فتاری دوژمنانن دژ به‌ ئیراده‌ی گه‌لی كوردستان .

له‌ وه‌ته‌ی عێراقیش له‌ ده‌ست به‌عسیه‌كان رزگار كراوه‌ شێوازی په‌لاماره‌كانیان گۆریوه‌ و به‌ درنده‌ ترین شێوه‌ هاتونه‌ته‌ مه‌یدان بۆ تۆ قاندنی خه‌ڵك و له‌ ناو بردنی گه‌له‌كه‌مان ئه‌و كرده‌وه‌یه‌ قێزه‌ ونه‌ی كه‌ له‌ 2007/4/22 له‌ شاری موسڵ رویدا. به‌ شمشێره‌ ژه‌نگاویه‌كه‌ی زه‌مانی زوو كرێكارانی خۆشه‌ویستی كوردی ئێزێدی له‌ كات و سه‌رده‌مێكی نوێ دا سه‌ربری و چه‌ندان جه‌سته‌یان شه‌لالی خوێن كرد .

تۆ بڵێی ئه‌مانه‌ هه‌مان ئه‌و شه‌مشه‌مه‌ كوێرانه‌ بن كه‌ له‌ تاریكستانی ئه‌شكه‌وته‌كانی تۆرا بۆراوه‌ هاتن و مه‌رگیان به‌سه‌ر كوردی ئێزێدی دا باراندبێت.. یان ئه‌وانه‌ن كه‌ له‌ به‌ره‌ بابه‌كانیانه‌وه‌ به‌ میرات بۆیان ماوه‌ته‌وه‌ كه‌ چاویان به‌ كوردو كوردستان دا هه‌ڵ نایه‌ت . ئه‌م مرۆڤ كوژانه‌ ئه‌مه‌ یه‌كه‌م جاریان نیه‌و دوا جاریشیان نابێت.

چونكه‌ ده‌یان كاری قێزه‌ونتریان ئه‌نجام داوه‌ . هه‌ر وه‌كوو ته‌قینه‌وه‌كانی هه‌ولێر و كه‌ركوك و ده‌هۆك و زاخۆ و پێنجوین و شاره‌زورو گه‌رمیان و خانه‌قین و ده‌یان شوێنی تری ئه‌م كوردستانه‌ . سه‌ره‌رای ئه‌مه‌ش كه‌ له‌ شاره‌كانی تری عێراق به‌ باغداشه‌وه‌ رۆژ نیه‌ ده‌یان و سه‌دان خه‌ڵكی بێ تاوان زه‌ڵكاوی خوێن نه‌كرێن هه‌ر بۆیه‌ش پێویسته‌ هێزه‌كانی ناوه‌خۆ زۆر تۆكمه‌و به‌هێز بكرێن بۆ پاراستنی گیانی هاولاَتیان . به‌ڵام ئه‌م كاره‌ ته‌نها له‌ ئه‌ستۆی حكومه‌ت دا نیه‌ بگره‌ له‌ ئه‌ستۆی ته‌واوی خه‌ڵك دایه‌ بۆیه‌ پێویسته‌ گیانی برایه‌تی له‌ناو ریزه‌كانی خۆمان به‌ هێز بكه‌ین هاوكاری هێزه‌كانی ئاسایش بكه‌ین به‌ هه‌موو شێوه‌یه‌ك چونكه‌ دوژمنانمان ده‌یانه‌وێ و هه‌وڵ ده‌ده‌ن گه‌لی كورد له‌ناو به‌رن رۆژ نیه‌ ناحه‌زانمان هه‌ره‌شه‌مان لێ نه‌كه‌ن و په‌لامارمان نه‌ده‌ن. چونكه‌ له‌ ناوبردنی گه‌لی كورد له‌ ناوبردنی هه‌موو به‌ها پیرۆزه‌كانه‌ له‌ كوردستان . وه‌ گه‌شه‌كردنی گه‌لی كوردستان گه‌شه‌كردنی هه‌موو به‌ها پیرۆزه‌كانه‌ له‌ كوردستان . بۆیه‌ زۆر پێویسته‌ به‌ گیانی برایه‌تی و رێزو خۆشه‌ویستیه‌وه‌ بروانینه‌ یه‌كتری ئه‌گه‌ر وا نه‌كه‌ین هه‌موو لایه‌ك زه‌ره‌ر ده‌كه‌ین ...

**ئەم ساڵ ساڵێکی گرینگە لە مێژوی نەتەوەکەمان ساڵێکی یەک لاکەرەوەیە ساڵی جێ بەجێ کردنی مادەی 140 لە دەستوری هەمیشەیی عێراق بە هەر مەبەستێک بێت دوژمنانمان دەیانەوێت ئەم مادەیە جێ بەجێ نەکرێت . جا بۆیە پێویستە خۆمان باش ئامادە بکەین و نەهێلین مەرامی دوژمنانمان جێ بە جێ بکرێت . تا بەم شێوەیە بمێنینەوە دەبێ چاوەرێی شتی تریش بکەین لە دوژمنانمان وە جارێکی تریش ئەم کارە چەپەڵە قێزە ونە دژ بە مرۆڤایەتیە ریسوا دەکەین و دەبێت هەوڵ بدەین و تواناکانی خۆمان بخەینە گەر بۆ لە ناو بردنی تیرۆرستان لە هەر جێگایەک بێت ئەوەش پێویستی بە یەک بونی مالی خۆمانەوە هەیە بە هەموو بیروو بۆچونێکەوە سەری رێزو نەوازش بۆ کەس و کاری شەهیدانی بەعشیقەو بەحزان و تەواوی شەهیدانی کورد و کوردستان دادەنەوێنین ....**

**سوید**

2007/4/27